**Kurdistan National Congress-KNC**
**WKA, Palingswick House, 241 King Street, London W6 9LP, UK**
**Tel: 0208 748 7874, Fax: 0208 7416436, Mobile: 07768 266005**
**e-mail:** wka@knc.org.uk knc@ribrahim.de post@kncscandinavia.com

# بۆچی گەلی کورد تائێستا نەیتوانیوە دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنی؟

چەندین سەدەیە گەلی کورد لە کوردستان دووچاری ململانێیە بۆ مانەوە و ژیان بە سەربەرزی و ئازادی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی و شارستانی و بەرهەڵستی داگیرکەران. دەتوانین بڵێین کە ژیانی مرۆڤی کورد لە هەندێك کات و شوێندا گەیشتوەتە ئاستێکەی کۆیلایەتی و تەنانەت نزمتریش لەوە، چونکە کۆیلەش بۆی هەیە کە پێی بگوترێ کۆیلە بەلاّم کورد تەنانەت لە نیشتمانەکەی کوردستانی خۆیشیدا لە نازناوی کوردایەتی بێبەشە و ئەوەتا پاش رزگارکردنی کوردستانی باشووریش لە دکتاتۆریەتی بەعس، گەلی کورد لەوێ شوناسنامەی خۆی وەك کوردێك نیە و ئەو پاسپۆرتە عراقیەی کە پاش رزگاربوون لە سلێمانی و هەولێر دەردەچێ بەزمانی عەرەبیە نەك کوردی و دەڵێت کە هەڵگری پاسپۆرتەکە عراقیە. لەکاتێکدا کە سەگ و پشیلەش لە ولاّتێکی وەك بریتانیا ملوانکەی تایبەتی خۆیان هەیە کە بە یەکێکیان دەڵێ سەگ و ئەوی دیش پشیلە کەچی کورد هێشتا نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی سەگ و پشیلە و باری کورد بەگشتی ئاوەهایە.

ئەمەش سەرەنجامی خوێندنەوەیێکی قوڵی کۆمەڵی کوردەواریە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە، تاکو گەلی کورد والێبکەن کە نەتوانێ داوای ماقی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکات. ئەویش بە بەفیرۆدانی هەموو وزە و تواناییێکی بۆ مەسەلەی لابەلایی وەك: ئەوەی کە 20 ملیۆن کوردیان لە باکوری کوردستان خەریککردوە بە رزگارکردنی کاك عەبدولاّ ئۆچەلان لە زیندان و لەوانەشە پاش مردنیشی هەر بەردەوام بێ، هەروەهاش گەورەترین شتێك کە گەلی کورد لە کوردستانی رۆژاوا پێی خەریکن مەسەلەی گەڕاندنەوەی شوناسنامەی سورییە بۆ ئەو کوردانەی کە ئەوە نیو سەدەیە لێی بێبەشن و لەوانەیە نیو سەدەی دیش بخایێنێت، ئێستاش گەلی کوردی باشوری کوردستانیش خەریکی مادەی 140 ی دەستوری عراقن و گەلی کوردی رۆژهەلاّتی کوردستانیش خەریکی لابردنی ئەحمەدی نەژاد و داواکردنی سەرۆکێکی دین کە لەوانەیە لەویش دکتاتۆرتر بێ. لەراستیدا ئەمانە هەموو پلانێکن کە بەووردی کێشراون لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بۆ خەریککردنی گەلی کورد لە ئامانجی سەرەکییان کە رزگارکردنی کوردستانە نەك ئۆچەلان، و داواکردنی شوناسنامەی کوردیە نەك سوری و جێبەجێکردنی مادەی 64ی پەیمانی سیڤەرە نەك مادە 140، و دوایش کارکردنە بۆ ئەوەی گەلی کورد خۆی فەرمانرەوایی کوردستان بکات نەك ئەحمدی نەژاد و کەسی دیش. بەفیرۆدانی وزەی کورد بەم شتانە سەرەنجامێکی پیسی دەبێ بۆ دوارۆژی گەلی کورد و ئاسایشی نەتەوایەتی، چونکە کات بەفیرۆدان لەم شتانەدا کورد هەتا هەتایە لەبازنەییێکی بۆشدا دەسوورێنێتەوە.

بەڵێ رامیاری نێودەوڵەتی و ئەوەی ناوچەش بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەمیشە و تائێستاش دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیە و لەگەڵ ئەم دوژمنایەتییە بەهێزەی ئەواندا بۆ ئەم کارە خەبات زۆر و کەم هەر بەردەوام بوە و ئەم خەباتەش لە هەڵگیرسانی شۆرشە گەورەکانی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دەردەکەوێ کە هەموویان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوون بۆ نموونە: شۆڕشەکانی میرنشینی بابان و شۆڕشی میرنشینی بادینان، شۆڕشی میرنشینی بۆتان و شۆڕشی شێخ عوبەیدولاّی نەهری و شۆڕشەکانی ئیسماعیل ئاغای شکاك و شۆڕشی ئیبراهیم پاشای میللی، و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، و شۆڕشەکانی عەشیرەتی مەردیسیان و شۆڕشەکانی بارزان...هتد. وە هەندێك

لەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە توانیویانە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە هەندێك ناوچەی کوردستان ڕاگەیێنن بۆ نموونە وەك مەملەکەتی باشوری کوردستان کە مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید لە 1919-1924 سەرۆکایەتی دەکرد و هەندێکیشیان وەك حکومەتێکی کوردی لەو جۆرەی کە حزبی خۆیبوون لەکاتی شۆڕشەکەی باکوری کوردستان لە 1927-1930 بەسەرۆکایەتی ئیحسان نوری پاشا ڕایگەیاند و هەندێکیش وەك ئەو کۆمارەی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە سەرکۆماری کوردستان قازی محمد ساڵی 1946 ڕایگەیاند.

ئەم دەوڵەت و مەملەکەت و کۆمارانە لەگەڵ هەموو هەڵە و کەوتنیاندا وەك روناکی و مەشخەڵێك ماونەتەوە کە شۆڕشگێڕانی کوردستان و ئازادیخواهان ڕێگای خۆیانی تێدا دەبینن.

بەڵام ئەوە نیو سەدەیە و لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بڵاوبوونەوەی خێرای بەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا هەروەك ئەوەی کە هۆی ئەم خێراییە پشتگیری چەند دەوڵەت و حکومەتێکی لەدواوە بێ و هەروەکو بڵاوبوونەوە خێراکەی ئالأی زەرد و سەوز وابێ، هەر لە سەرەتاوە پارتی دیموکراتی کوردستان پشتی بەست بە تیۆرییە مارکسیەکانی لێنین کە ڕۆڵی شێخ و مەلا و ئاغا و سەرۆك خێڵ و پیاوماقولأنی گوند و شارەکانی کورد پووچەڵ دەکاتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی کە دەوڵەمەندن و پشت دەبەستێت بە زەحمەتکێش و پرۆلیتاریا تەنیا چونکە هەژارن وەك چۆن تیۆریە مارکسیەکان نووسیوانە.

لەراستیشدا لەو کاتەدا لە کوردستان نە ئەو بۆرژوایانە و نە ئەو پرۆلیتاریایە هەبوو کە لێنین باسی کردوە و تەنیا ئامانج بۆ ئەم هەڵگێڕانەوەیەی کۆمەڵگای کوردەواری ئەوەبوو کە گێرەشێوێنیێك دروستبکەن و نەهێڵن کە شێخ و مەلا و ئاغا و سەرۆك خێڵ سەرۆکایەتی شۆڕشی کورد بکەن چونکە هەموو شۆڕشەکانی پێشووی کورد بۆ کە لەژێر سەرۆکایەتی شێخ و مەلا و ئاغا و سەرۆك خێڵ بوون بۆ دەوڵەتی کوردی بوون و بۆ ئەوەی بگەن بەم ئامانجە پیسەش تیۆری دیکەی میکافیلیانەیان گرتەبەر وەك دەڵێن: ئەگەر بتەوێ گەلێك تەفروتونا بکەیت پیاوماقوڵ و خانەوانەکانی هەڵگێڕە بە هیچ یان لای کەم پشتگوێیان بخە و ئەو کەسانە بهێنە کە هیچ کاریگەرییان لەسەر بنیاتنانی کۆمەڵ و مێژووکەی نیە، بۆ نموونە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ئامانجی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەبوو کە لە شاری سلێمانی پرۆپاگەندە و بوختان بڵاوبکاتەوە دەرهەقی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید و ناونانی بە کۆنەپەرست و دواکەوتوو و تەوقە نەکردنی لەگەڵ نوێنەری بالأی بریتانی کە بوەتە هۆی سەرەکی ئەوەی کە گەلی کورد دەوڵەتی نەبێت. ئەم جۆرە تڕەهاتانە بەتەواوەتی پێچەوانەی ڕاستین چونکە شێخ مەحمودی حەفید بوو کە دامەزراندنی مەملەکەتی کوردستانی لەژێر بۆمبابارانی فڕۆکەی بریتانیدا ڕاگەیاند و ئەوانەی کە ئەم پرۆپاگەندە درۆیانە بڵاودەکەنەوە ئێستا لەژێر پارێزگاری فڕۆکەی بریتانی و ئەمێریکیدان بەڵام ناتوانن دەوڵەتی کوردستان ڕاگەیێنن وەك ئەوەی شێخ مەحمودی نەمر پێش سەد ساڵ کردی. کەواتە کێ دواکەوتوە؟!!!

بەهەمان شێوەش حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کاتێ شۆڕشی لە ڕۆژهەلأتی کوردستان پاش ڕاپەڕینەکەی خومەینی بەرپاکرد یەکەم شت کە کردی ئەوەبوو کە عەلی قازی تاکە کوڕی قازی محمدی سەرکۆماری کوردستانیان گرت و دایانە دەست حکومەتی بەغدا.

لە سوریا و تورکیاش پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵی خانەوانانی گەلی کوردیان پشتگوێ خستوە تاکو ئەگەر هاتوو هەلێکی نێودەوڵەتی پەیدا بوو نەتوانن سەرۆکایەتی گەل بکەن وەك جاران دەوڵەتی کوردی ڕاگەیێنن و بەم پێیەش سەرۆکایەتی گەلی کورد هەر لەدەستی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو پارت و ڕێکخراوانەدا دەمێنێتەوە کە لەو بوونەتەوە و بەپێی ئەو نەخشەیەی کە لەلایەن دیمەشق و بەغدا و ئەنقەرە و تارانەوە بۆیان کێشراوە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێك سەرکوت بکەن کە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەهێز دەکەن. نموونەی زۆر لەسەر ئەوە هەن کە لێرەدا باسی تەنها هەندێکیان دەکەم:

زۆرجار هەندێك ئازادیخوای کوردستان ڕامیاری پارتی دیموکراتی کوردستانیان بە خیانەتکار ناوبردوە ئەوێش بەهۆی کردەوە و هاوپەیمانیەتەکانی لەگەڵ یەکێك لە داگیرکەرانی کوردستان دژی داگیرکەرێکی دی و ئەو شەڕی ناوخۆیانەی کورد دژی کورد کە

لەم رامیاریە کەوتوونەتەوە و باشترین کادرەکانی رامیاری و سەربازی گەلی کوردیان تێدا بوونەتە قوربانی تاکو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان رازی بکەن. لەبەر ئەوەش کە بیر و رێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەن، هەریەکە لە هاوپەیمانیەکانیان لە بەشێکدا لەوی دی تەنیا لە شێوازدا جیابوە بەلاَم لە ناوەڕۆکدا هاوپەیمانەکانیان ئەو دەوڵەتانەن کە داگیرکەری کوردستانن و کۆمەکی گرۆیێك دژی ئەوی دی دەکەن.
هەروا پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ لێپرسینەوەیێکی لەگەڵ ئەو جاش و خیانەتکارانەی گەلی کورد ساز نەکردوە بۆ ئەو تاوانانەی کە کردویانە بەتایبەتی بۆ تەگەرەی شۆڕشەکانی کورد و خراپتر لەوەش فەرمانی لێبوردنیان بۆ دەرکردوون و پایە و پارەی خانەنشینی بەرزی وایان بەو خیانەتکارانە داوە کە چەندین بەرابەری پارەی پێشمەرگەکانە.
هەر کاتێکیش بوارێکی نێودەوڵەتی یان ناوچەیی بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد پەیدابووبێ، پارتی دیموکراتی کوردستان شەڕێکی ناوخۆی لەگەڵ پارتەکانی دی دروستکردوە کە تا بوارەکە تەواو نەبووبێت نەوەستاوە، وەك چۆن لە شەستەکاندا کاتێك عراق لاوازبوو و نە چەکی کیمیاوی و نە چەکی پەرەسەندووی دی نەبوو، شەڕێکی کورد دژی کوردی وا بەرپابوو کە شۆڕشی کوردی خستە داوی بەیاننامەی ئاداری 1970 کە تەنیا ئامانجی سەرنگونکردی شۆڕش بوو، بەلاَم هەر کە بەیاننامەی ئادار دەرچوو شەڕی ناوخۆیان وەستاند چونکە تازە شۆڕش کەوتبوە تەڵەوە و بەرەو نەمان دەچوو ئیتر پێویستی بە شەڕی ناوخۆ نەدەکرد.
هەلێکی دی بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ شەڕی ئێران و عراقدا پەیدابوو کە 8 ساڵی خایاند بەلاَم لەجیاتی سوود وەرگرتن لە باری شەڕی ئەو ولاَتە داگیرکەرانەی کوردستان، پارتەکان لەناو خۆیاندا شەڕی براکوژیان دروستکرد و تا شەڕی عراق و ئێران نەوەستا ئەویشیان نەوەستاند ئەوجا پارتە کوردیەکان بەرەی کوردستانیان راگەیاند کە دەبوایە لە سەرەتای شەڕی عراق و ئێران دامەزرایە نەك لە کۆتاییەکەیدا.
لە هەلی راپەڕینەکەی ساڵی 1991 و کۆچڕەوی ملیۆنەها کورد بۆ دەرەوەی سنوورەکانی سایکس پیکۆ و دەروەی ئەو ولاَتانەش کە کوردستانیان داگیرکردوە و لەپاڵ پشتگیرییێکی بێ وێنەی نێودەوڵەتیدا لەجیاتی ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی راگەیێنن، سەرۆکەکانی کورد چوون بۆ بەغدا و تاوانبار سەددام حوسێنیان ماچ کرد، ئەمەش بوە هۆی شکستی پشتگیری جیهانی لەگەڵ گەلی کورد لەبەرزترین ئاستەوە بۆ سفر بەتایبەتی پاش ئەوەی کە نوێنەرانی ئەو پارتە کوردیانە کە لەکاتی ئەو کۆچڕەوە ملیۆنیە کوردیەدا لەسەر تەلەفزیۆنە جیهانیەکان دەردەکەوتن و دیکتەرەکان لێیان دەپرسین کە گەلی کورد چی دەوێت، ئەو لێپرسراوە کوردانە دەیانگوت: بەتانیمان دەوێت... بەڵێ، کاتێك کە هەموو جیهان بەهەموو توانای گوێی بۆ تراژیدیای کورد قوتکردبوو، ئەوان وایان تێدەگەیاندن کە ئێمە بەتانیمان دەوێت لە کاتێکدا کە هەژارترین کەسی کورد دەیان بەتانی لەماڵەکەیدا هەیە. بەڵێ بەداخەوە راستی ئەو تراژیدیایە بە دونیا نەگەیێندرا کە دۆزی گەلێکە ماڤی دەوڵەتی لێ زەوتکراوە نەك دۆزی بەتانی. تەنانەت هەندێکیش هەوڵیاندا کە سەرکوتیکەن هەروەك چۆن هەندێك پارتی کوردی لە سوریا هەوڵی سەرکوتکردنی راپەڕینە مەزنەکەی ئاداری 2004 یان کرد و تائێستاش هەیە کە ئەو راپەڕینە بەچەند ناوێکی دەستکردی رژێمی سووری ناو دەبا وەك گێرەشێوێنی و روداوی دڵتەزێن و ئاژاوە و ناوی دیکەی زۆر دوور لەراستی کە راپەڕینە...
ئەم هەلەی ئێستاش کە ئەوە 16 ساڵە هێشتا لەبارە لە پێشدا بە دروستکردنی شەڕی ناوخۆی براکوژی هیچ بوارێکی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی بۆ گەلی کورد نەهێشتەوە بەلاَم پاش فشاری هێزەکانی هاوپەیمان لە عراق رێککەوتنی خۆیان راگەیاند و ئالاَی زەرد و سەوزیان داگرت و هەروەها بەزۆر حکومەتی سلێمانی و هەولێریان پێ یەکخستن و شەڕیان پێ راگرتن، کە دەشبینن ئالاَی کوردستان و سروودی نیشتمانی کورد پلەی یەکەمیان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا پەیداکردوە. هەندێك پارت خەریکی خۆرێکخستنن بۆ گۆڕینی ئالاَ و سروودی کوردستان و لەبیربردنی ئەوەی کە ئەو ئالاَیە پیرۆزە و ئالاَی سلێمانی و

هەولێر نیە، بەڵکو ئاڵای کوردستانی گەورەیە و هەموو شۆڕشەکان لەهەموو لایێکی کوردستاندا هەڵیان کردوە و گەلی کورد لێشاوێك خوێنی پاکی بۆ بەرزکردنەوەی ڕشتوە.

راستە ئێستا شەڕی چەکداری لەنێوان پارتەکاندا نەماوە بەلاّم شەڕێکی ناوخۆ هەر بەردەوامە بەلاّم بەشێوەی پلاّوکردنەوەی پرۆپاگەندە دژی یەکدی و پرۆپاگەندەی درۆش لە چەك خراپترە. ئێستاش گرنگترین وەزارەتەکانی حکومەتی کوردستان کە وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ و داراییین یەکیان نەگرتوە و هێشتا وەزارەت بە هەمان ناو لە سلێمانی و هەولێریش هەن. ئەم دابەشکردنە خۆی لەخۆیدا لەشەڕی ناوخۆ خراپترە، چونکە دابەشکردنێکە بۆ کۆمەڵگای کورد وەك بۆ نموونە: بە تۆڕی مۆبایەل لە سلێمانی دەتوانی پەیوەندی بەهەموو جیهانەوە بکەیت جگە لە هەولێر و مۆبایەلی هەولێریش جگە لە سلێمانی پەیوەندە بە هەموو جیهانەوە!!!

لەگەڵ هەموو ئەو شتانەشدا من ناتوانم پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتە کوردیەکانی دی بە خیانەتکاری تۆمەتبار بکەم چونکە ئەوان زۆر بەپاکی ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ دەکەن و ئەوپەڕی دڵسۆزی ئەو پرینسیپانەن کە پتر لە نیو سەدەیە بۆیان دانراون تاکو گەلی کورد بە ئامانج و بیروڕای واوە خەریك بکەن کە دوورن لە ئاواتە بەرزەکەیان کە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیانە ئەویش پاش سەرنەکەوتنی هەموو شالاّوە سەربازیەکان بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا چونکە لەلایێکی دیەوە هەڵدەگیرسایەوە و پاش سەرنەکەوتنی هەموو بیروباوەڕەکانی نێونەتەوەیی مارکسیزم و ئیسلامیەتی لە دوورخستنەوەی لە ئامانجە نەتەوەیاتیەکانی بۆیە پەنایان بردە بەر قوتابخانەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە داوای مافی کورد و کوردستان تەنیا لەیەك ناوچەی کوردستان دەکات. من پرینسیپەکانی قوتابخانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم خالاّنەدا پوختە دەکەم:

-1 دابەشکردنی هێز و تواناکانی گەلی کورد کە پتر لە 40 ملیۆنن بۆ پارچە و گرۆ بەپێی رێککەوتنی کۆلۆنیالانەی سایکس – پیکۆ و تەواو وەك ئەوەی کە دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستان دەیانەوێت.

-2 دانان بەم دابەشکردنە و خەباتکردن لەسەر بناغەکەی وای لە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد کە بە شێوەیێکی ئۆتۆماتیکی خەبات بکات تاکو رۆڵی سیاسی خۆی لە رامیاری ناوچەییدا ببینێت بە شێوەیێك کە لەبەرژەوەندی یەکێك لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بێت.

-3 هەر لە زەمانی پیمپراتۆریەتەکانەوە لەهەردوو رامیاریەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ململانێی دەسەلاّت هەیە و کۆمەڵێکی هاوپەیمان دژی ئەوانی دی دەبنەوە و تا خودا بیەوێ هەرواش دەمێنێتەوە و دواییەکەی دیار نیە. پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئەمە دەزانێت و لەم گەڕەلاوژەیەدا بۆیە بەشدارە تاکو دەسکەوتی مادی بۆ پارتەکەیان پەیدا بکەن و گەلی کوردستان لە ئامانجی رزگارکردنی کوردستان دوورخەنەوە. ئەگینا بۆچی یەکێکیان دژی ئەوی دی بۆ لایەنی عراق ئەجەنگێ کە لایەنگری ئێرانە و پاش ماوەییێکیش لەسەر یەك مێز دادەنیشن و هیچیان ئەوی دی بە خیانەتکار تۆمەتبار ناکات یان لەسەر کوشتنی هەزاران رۆڵەی گەلی کورد لەو دوژمنایەتیەیاندا لێپرسینەوەیان بۆ یەکدی نیە و هەموویان هەوڵی ئەوە ئەدەن کە رۆڵ لە رامیاریەکانی ناوچەیی ئێران و عراق و ئەوانی دی ببینن.

-4 ئەو دەوڵەت و لایەنانەی کە قورسایەتیان لە رامیاری ناوچەییدا هەیە ئەوانەن کە داگیرکەری کوردستانن لەبەر ئەوەشە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنگیریان دەکات و هەر بۆیەش پارتی دیموکراتی کوردستان فڕیان بەسەر رزگارکردنی کوردستانەوە نەماوە، تەنیا وشەکانی کورد و کوردستان بۆ هەڵخەڵەتاندنی ساویلکەکانی گەلی کورد بەکاردەهێنن و بەو جۆرەش پارتی دیموکراتی کوردستان لە عراقدا هێزی گەورەی گەلی کورد بەکاردەهێنێت تاکو ناو و رۆڵ بۆ خۆی لە رامیاری ناوچەییدا پەیدا بکات.

5- ئەگەر وارێککەوت یان بەزۆر مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا بسەپێنرێ ئەو رەتی دەداتەوە نەك لەبەر خیانەتکاری بەڵکو لەبەر دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕەکەی لە بەشداری لە رامیاری ناوچەییدا، لەم بارەیەوە بەهەشتی مام عوسمان سەبریم بیر دەکەوێتەوە کە پێش 40 ساڵ ئەمەی پێوتم: سەکردایەتیەکانی کورد دەوڵەتی کوردییان ناوێت، بەڵام رۆژێ لەرۆژان دەوڵەتێکی گەورە دێت و تێلاْیێك ئەکێشێ بە سەریانا و پێیان دەڵێت دەوڵەتی کوردی خۆتان راگەیێنن.

ئەمڕۆش پاش نیو سەدە لە لایەنگیری بۆ سوریا و عراق و تورکیا و ئێران و داواکردنی مافی گەلی کورد تەنیا لە سنووری رامیاری ئەو وڵاتانەدا، کە داخوازیێکی رامیاری ئەو وڵاتانە خۆیانە چونکە بریتیە لە پاراستنی سنووری رامیاری ئەوان، بەڵێ پاش نیو سەدە لەم جۆرە لایەنگیریە ئەبینم کە ئەوانەی لەسەر سیستەمەکانی راگەیاندنی عەرەبی هێرش دەکەنە سەر گەلی کورد زۆرترن لەجاران، و هەرچەندە هێز و پشتگیرییێکی کوردی دۆرزنانە کە ئێستا لە عراقدا هەیە لەراستیدا بەهۆی بوونی هێزەکانی هاوپەیمانە و ئەگەر ئەو هێزانە لە عراق دەربچن بارودۆخی کورد دەگەڕێتەوە نەك تەنیا بۆ ئاستی سفر بەڵکو بۆ ژێر سفریش.

دەرچوونی هێزەکانی هاوپەیمان لە عراق دەکەوێتە سەر هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووی ئەمێریکا، ئەوساش هەرەسهێنانێکی کوردی خراپتر لەوەی 1975 روو دەدات.

من دڵنیام کە ئەم هەرەسهێنانە تەنانەت بەبێ هەڵبژاردنی ئەمێریکیش بێ شك روودەدات چوونکە ئەو جۆرە کیانەی باشووری کوردستان ناتوانێ خۆی بپارێزێ چونکە پشتی بەستوە بە جاش و موستەشارەکانی سەددام و چەند گروپێکی نێونەتەوەیی خواز کە لایان گرنگ نیە ئەگەر گەلی کورد پاشکۆی بەغدا بێ یان کوبا...  بێگومان لەوانەشە کە ئەوانە باشترین کەسانێك بن کە حکومەتی کوردستان پشتیان پێببەستێت، بۆیە پەروەردەی نەتەوایەتی و ئاسایشی نەتەوایەتی کورد جێگایان لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و سیستەمەکانی راگەیاندندا نیە بەڵکو بەپێچەوانەوە لەسەر تەلەفزیۆنە کوردیەکان کەسانی واهەن کە هەڵەوگێڕاو سواری جاشەکەرەکان بن ئەمانەش چەند نموونەیێکن:

1- نزیکەی 80٪ کاتی تەلەفزیۆنەکانی کورد بۆ دانس و گۆرانی و موزیك، ئەو بەشەکەی کاتیش بۆ ستایشی ئەم حزب و ئەو حزبە هەروەك گەلی کورد هەموو گیروگرفتەکانی چارەسەرکراوە و تەنها دانسمان بۆ ماوەتەوە.

2- زۆرجار رۆشنبیرانی کورد لەسەر تەلەفزیۆنەکان دەڵێن کە تەنانەت ئەمێریکیەکانیش دووچاری شەڕی ناوخۆ واتە شەڕی براکوژی بوونەتەوە واتە دەیانەوێ بەشێوەیێك لە شێوەکان پاکانە بۆ شەڕی براکوژی کورد بکەن.

3- هەشە دەڵێ گوایا ئەمێریکاش بۆمبارانی ڤیێتنامی بەچەکی کیمیاوی کردوە کە ئەویش پاکانە و بچووککردنەوەی تراژیدیای هەڵەبجە و بۆمبارانە کیمیاویەکەیەتی.

4- هەندێك جاریش مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بەگاڵتەوگەپەوە باس دەکرێت و ئەگەر بە جدیش باسی بکەن ئەو رۆشنبیرە کوردانە یەك سەعات باسی مافی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی دەکەن بەڵام لەکۆتاییدا دەڵێن: (بەڵام) و سەعاتێکی دی باسی چەندین بارودۆخی نالەبار دەکەن و داخوازیەکە بە ناریالیستانە دادەنێن و چەندین پاکانەی دی دەهێننەوە کە هەموو دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستان بەدڵیانە.  ئەگەر زۆر باشیش بڵێن، دەڵێن کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خەونی هەموو کوردێکە بەڵام بێشك خەونی ئەوان نیە بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەدا دەبڕێت کە خەون بە دەوڵەتی کوردییەوە دەبینن و گۆشەگیریان دەکات.

لە کۆتاییشدا رێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك ئەو باڵندەیەیان لێهاتوە کە دەیەوێت لاسایی رەوتی باڵندەیێکی دی بکاتەوە بەڵام ناتوانێ و رەوتی خۆشی لەبیردەچێتەوە.  ئەوەتا پاش نیو سەدە لە هەوڵدان بۆ رۆڵگێڕان لە رامیاری

ناوچەییدا بیر و ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەیانتوانیوە تەنانەت کورسییێک یان جێگاییێک لەڕیزی پشتەوەی ڕژێمەکانی سوریا و عراق و ئێران و تورکیاشدا و تەنانەت لە ریزی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕژێمانەدا پەیدابکەن. لە ولأتانی دیموکراتیدا کاتێك ڕامیاری حکومەتێك لە گەیشتن بە ئامانجەکانیدا سەرنەکەوتوو دەبێت، وازدەهێنێت، کەچی ئەوان ئەوە نیو سەدەیە سوێندی گەورە دەخۆن بۆ دەوڵەت و گەلەکانی ناوچە کە بیر و ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یا جیابوونەوە لەو دەوڵەتانە نادەن بەڵکو سەرەڕای ملیۆنەها قوربانی کورد لەلایەن ئەو ڕژێمانەوە بەبێ هیچ مافێك، کەچی سەرەڕای سەرنەکەوتنیان لە دڵنیاکردنی دەوڵەتەکانی ناوچە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنگریانن، هەر وازناهێنن. چونکە ئەگەر وازیان بهێنایە دێوەزمەی کورد لە شوشەکەی دەهاتە دەرەوە و دەستی دەکرد بەخەبات بۆ ڕزگاری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. با بەئەندێشە سەیرکەین ئەگەر هێزەکانی جەنەراڵ موستەفا بارزانی و دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ و هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەوانی دی یەکیان بگرتایە ئایا هیچ هێزێك لە جیهاندا دەیتوانی پێشبگرێ لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی.

من یەکێکم لە ئازادیخوازانی کوردستان، کاتێك کە ئەندامی پارتی کاژیك بووم کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد، بەشداریم کرد لە شۆڕشی ئەیلول و یەکەم کورد بووم لە ڕۆژاوای کوردستان کە چەندین جار لە سەرەتای حەفتاکاندا لەگەڵ بەهەشتی موستەفا بارزانیدا کۆ بێتەوە و پیرۆزبایی بکات بۆ ئۆتۆنۆمی و پیرۆزباییشم لە سەرکردایەتی کورد کرد لەسەرووی هەموویانەوە شەهید ئیدریس بارزانی کە پەیوەندییێکی جیاوازم لەگەڵیدا هەبوو لەبەر بیرە نەتەوەییەکانی، هەروەها لە بەشداریشم لە شۆڕشی گوڵاندا کرد و ئەندامی بەرەی (جود) بووم وەك نوێنەری پارتی پاسۆك و سەرکردەیێکی سیاسی و سەربازی هێزەکانی پێشمەرگە بووم لە 1982-1984 لە شاخەکانی قەندیل، وە کاتێ کە باشووری کوردستان فیدرالیەتی وەرگرت یەکەم کەس بووم کە پیرۆزباییم کرد و هەرچەندە هەمیشە و تا ئێستاش بڕوام بە دەوڵەتی کوردیە، بەڵام ئەگەر گەلی کورد هەر فیدرالیەتێك یا ئۆتۆنۆمی دەستکەوێت من دژی ناوەستم هەرچەندە من بڕوای تەواوم هەیە کە ئۆتۆنۆمی و فیدارلیزم یا هەر مافێکی دی لەناو سنووری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەگاتە سەرەنجامێکی پووچ چونکە ئەو جۆرە مافانە بۆ چەند گەلێك لەناو یەك دەوڵەتدا جیاوازی لەگەڵ ژنهێنان نیە کە ڕەزامەندی هەردوو لای پێویستە و ئەگەر مێردەکە یان ژنەکە ناڕازی بوو ئەوا ڕێککەوتنەکە پوچەڵ دەبێتەوە مەسەلەی فیدرالیەتیش هەروایە و دەبێ گەلی عەرەب لە عراق و گەلی کوردیش پێی ڕەزامەندبن، بەڵام ئێستا گەلی کورد ڕەزامەندە بەڵام بڕوا ناکەم یەك عراقی بڕوای پێبێ کە لە بەغدا حکومەت و سوپاییێکێ عراقی و لە هەولێر حکومەت و سوپاییێکی کوردی هەبن، تا بەتەواوی قایل دەبن خوێنی زۆر دێتە ڕژان. لەم ڕووەوە من لەگەڵ دروستکردنی دیواردام و لەگەڵ شەڕ و ئاژاوە داگیرساندا نیم، چونکە من بڕوام بەو یاسا مرۆڤایەتی و ئایینە ئاسمانیانە هەیە کە تەنیا بۆ بەختیاری مرۆڤن و مرۆڤی کورد و هەموو مرۆڤێك گرنترن لە دەوڵەت و سنوورەکانی.

لەم بارەیەشەوە ئیمامی شافیعی خوا لێی ڕازی بێ دەڵێت: وتەکانی تۆ هەڵەن بەڵام لەوانەیە ڕاست بن و وتەکانی منیش ڕاستن بەڵام لەوانەی هەڵە بن. ومن زۆر هیوادارم کە ڕێگای پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگەی سەلامەتی و ئازادی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بێت چونکە ئەوە داخوازی من و داخوازی 40 ملیۆن کوردن کە لەوانەش ئەندامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیانن.

**د. جەواد مەلا**

**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان**

لەندەن 20 – 11 – 2007